# وەزیری کاری قەتەر: ڕێکخراوی کاری عەرەبی لەمساەدا دەستکەوتی زۆری بەدەستهێناوە

ئەمڕۆ شەممە عەلی بن سەعید بن سمێخ مەری وەزیری کار و سەرکی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی کاری عەرەبی قەتەر پشتڕاستی کردەوە کە ڕێکخراوی کاری عەرەبی لەماوەی ئەمساەدا دەستکەوتی زۆری بەدەستهێناوە.

مەری لە وتارێکیدا لە میانی دەستپێکردنی چالاکییەکانی کۆنفرانسی کرێکاری عەرەبی لە 50هەمین دانیشتنی خۆیدا لە بەغدای پایتەخت وتی: ئەمە لە هەلومەرجێکی ناوازەدا کەدەبینرێ، بەتایبەتی واقیع لە غەززە، جێختی لێوە کردەوە کە قەیرانی غەززە لە واقیعی کارکردن لە ناوچەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

ئاماژەی بەوەشکرد : ڕێکخراوی کاری عەرەبی لەماوەی ئەمساەدا دەستکەوتی زۆری بەدەستهێناوە، هیوای خۆی دەربڕی کە کۆنفرانسی کرێکاری عەرەبی ئەنجامێك بەرهەمبهێنێت کە شایستەی کرێکاران بپارێزێت.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لە ئاپرتی ڕێکخراوەکەدا، پێداچوونەوەمان بە واقیعی کرێکارانی ناوچە فەستینییەکان و ئەو کەمەکوڕییە کرد کە ڕووبەڕووی دەبنەوە و جێختی لێوە کردەوە: ئەمە بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردنمان بە دەزی فەلەستین.

ئاماژەی بەوەشکرد :ڕێکخراوی کاری عەرەبی دەستکەوتی زۆری بەدەستهێناوە بە خزمەتکردن و پارێزدانی

بازاڕی کاری عەرەبی،لە کۆتاییدا وتی: سوپاسی گەل و حکومەتی عێراق دەکەین کە ئێم دانیشتنیان لە بەغدا ڕێکخستووە.